www.kurdistannet.org
04/02/2002 23:05

# له هه‌ڵدانه‌وه‌ی لاپه‌ڕه‌كانی ڕۆژمێرێكدا

## بژار

ناتانناسم، نازانم كێن

به‌ڵام ووتیان

گزنگ ده‌بوو به‌ جامانه‌و ده‌بوو به‌ سه‌رپۆشی ته‌نك له‌ سه‌رتانا

نێرگزه‌جاڕ له‌ دووره‌وه‌

به‌ كه‌روێشكه‌ی ( با ) ی ده‌روونی پێده‌كه‌نی به‌ ڕووتانا

پۆله‌ كه‌وی قه‌دپاڵی شاخ

به‌ قاسپه‌وه‌ هێلانه‌یان درووست ده‌كرد له‌دڵتانا

به‌سه‌رهاتی گیانبازانی

ڕێگای عه‌شق، ده‌بوون به‌هه‌نگوینی ووشه‌ له‌ زارتانا

ناتان ناسم، نازانم كێن

به‌ڵام ووتیان

زه‌رده‌خه‌نه‌ی ئێوه‌ و زه‌رده‌ په‌ڕی چیا له‌ئامێزی یه‌كترا بوون

مێرگی سه‌وزی هیوای ئێوه‌ و

ئه‌و ساماڵه‌ی

به‌ بارانی فرمێسكی شین بۆتان گریا له‌ ئامێزی یه‌كترا بوون

ڕازی خۆشه‌ویستی ئێوه‌و

بۆنی خونچه‌ی به‌هارانی

(كێوه‌ ڕه‌ش)ی هه‌ور پۆشیو له‌ئامێزی یه‌كترا بوون

سۆمای چاوی ئێوه‌ و سۆمای

چاوی خه‌ج و سیامه‌ند و

مه‌م و زینی به‌خت نه‌دیو له‌ئامێزی یه‌كترا بوون

ناتانناسم، نازانم كێن

به‌ڵام ووتیان

داب و نه‌ریت هاتنه‌ ڕێتان، ئێوه‌ پێتان نابه‌سه‌ریا

ئایه‌ت بووه‌ كۆسپی به‌رده‌م،

به‌شمشێری عه‌شقی خۆتان، ئێوه‌ كه‌وتنه‌ شه‌ڕ له‌گه‌ڵیا

باوك و برا و خزم و ئاغا و

سه‌رۆكی خێڵ كوتنه‌ شوێنتان،

ئێوه‌ چوونه‌ ناو قۆزاخه‌ی خه‌باته‌وه‌ و له‌ڕوویانا بوون به‌چیا

ناتانناسم، نازانم كێن

به‌ڵام ووتیان

کوردایەتی ئەم جارەشیان بەرِوخساری عەشقی پاکا رِشایەوە

ئەم جارەشیان دەرگای خوێن و

دەرگای تۆڵەو دەرگای نامووس پەرستیەکەی کرایەوە

بە بینینی دوو گورزە تیشك

لێفەی کۆنی شەوگارەکەی

(گۆتۆ) و (لۆلۆ)ی بەخێرایی بەسەر خۆیا دادایەوە

بۆ نەمانی عەشقی ئازاد دیسانەوە

دەستی پیسی لە نێو دەستی تاوانکاران لە قەندیلا دانایەوە

٢٠٠٢-٢-٣